# کەرەسەی کەلەپوری وە دابونەریتی کوردی
# لە شێعری مەولەوی‌دا

محەممەد رەشیدی ئەمینی «سمکو»

جێگای بڕوای هەمو زانایەکی کوردە کە مامۆستا سید عبدالرحیمی تاوەگوزی ناسراو بە مەولەوی یەکێ لە شاعیران وە ئەدیبانی پایە بەرزوە بێ هاوتایێ کە ئاڵو گوڕێکی تایبەتی لە شێعری کوردیدا بەدی هێناوە وە لە ئەو پەڕی نازک خەیاڵی‌دا وەها ڕچەو ڕێبازێکی داناوە کە نە تنها نوسەرو ئەدیبو زاناو هونەرمەند بەڵکو تەنانەت زۆربەی نەخوێندەوارانیش لە شێعری تەڕو پاراوی ئەو زاتە کەڵکیان وەر گرتوە:

هەر ئەوەێ کە دەبینین زۆربەی قاموسەکانی زمانی کوردی زۆرتر لە شێعرەکانی مامۆستای ناوبراو کەڵکیان وەرگرتووە وە بە سەرچاوەیەکی بە باوەڕ هەڵیان بژاردووە، وە یا سەرێ لە شەقامی تەسەوف وە عێرفان بدەین چێ دەبینین؟ بەڵێ، شێعرەکانی مامۆستای نەمر ئاوپژێنی کەری دڵی هەر ئەویندارێکی دڵ سوتاوی راستەقینەی ڕێبازی عیرفانین.

وە یان چاوێ بگێڕین بە نێوی وڵاتەکەمانا بە روناکی بۆمان دەر ئەکەوێ کە هەر هونەرمەند وە یان دەنگ خۆشێ بە تایبەت وێژەرانی فولکلۆری ئاوازی خۆیان بە شێعرکانی مامۆستا مەولەوی رازاندوەتەوە وە شادی هێنەری دڵی گەورەو بچوک وە پیرو لاوی کوردەواری بوون.

ئەوا ئێمەیش لێرەدا بەرەو پیری عێرفان دەچینو دەستەو داوێنی ئەبین هەتا کە

جیاواز له وانه‌ی که وتمان له قوڵێکی که‌وه خۆی به‌ده‌ر خاو ناونیشانی دابونه‌رێت وه یان که‌ره‌سه‌و ئه‌سپابه جۆر به جۆره‌کانی که‌له‌پوریمان پێ بدا.

## به‌شی یه‌که‌م «له‌گه‌ڵ کوچه‌ره‌کاندا»

پێش هه‌مو وه‌ک کوردێکی ره‌سه‌نی کۆچه‌ر ناونیشانی کۆچه‌ڵ کۆچو چێخو ده‌وارو سه‌رخێڵو قافڵه‌و قه‌تاره‌مان پێ ئه‌دا وه هۆبه به هـۆبه‌و دۆڵ بـه دۆڵ بـه شوێنی خۆیا ڕامان ئه‌کێشی و ده‌ڵێ:

سه‌نگێ بار هۆش، پـێش بـار فـامت    ده‌وار شادی، چێخ ئارامت: ل ـ ۵۴۰

له کاتی خویا ده‌وار وه چێخ دو که‌ره‌سه‌ی زور پێویستی کوچه‌ره‌کان بوون له له هه‌ر شوێنك‌دائه‌وه‌زین جێگای ژیانی ڕۆژانه‌یان به ئاسانی لێ ساز ئه‌کرد، وه له برێ شوێنی‌که‌دا له باتی ده‌وار خیمه‌یش به‌کار هێناوه وه‌ک

پــــه‌ژاره‌ت شـــــادیم جـــــه بـــێغ ئـــاوه‌رده‌ن
دوریت ریشه‌ی دڵ خه‌یمه‌که‌ن که‌رده‌ن: ل ـ ۱۰۸

هه‌ر چه‌ند که وشه‌ی خه‌یمه عه‌ره‌بی‌یه به‌ڵام له نێو زمانی کوردیدا جێ‌ی خۆی کردوه‌ته‌وه وه ئه‌مرۆ له زۆربه‌ی شوینه‌کانی کوردستانا به کار ده‌هێنرێ، که ئـه‌و ئه‌رکه‌ی به زمان ناسه‌کان ئه‌سپێرین، و، هه‌روه‌ها به سیاماڵ یـان ره‌ش‌ده‌واریش ناوی بردووه وه‌ک

هــــه‌وای ســـــیاماڵ وێـــته‌ی جـــارانـــه‌ن
په‌ی سه‌مت زه‌هاو زه‌رده‌و یارانـه‌ن: ل‌ـ۳۰۷

وه له پێچو دوڵی هه‌وارانا هاوارێ له سه‌ر خێڵ ئه‌کاکه وریای خێڵ خانه‌کانی بێ سه‌رعێڵ عـه‌رزم هـه‌ن لایـێ کـه‌ره‌وه    خێڵ خانه‌ی دڵان ها له‌و به‌ره‌وه: ل۴۱۷

لێرەدا دو وشەی سەرخێڵ یان «سەرعێل» وە خێڵ خانە بە کار ئەبا کە هەردوکیان پێوەندیێکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە، لە کاتی خۆیا هەر خێڵێ وە یان هۆزێ لە چەن ماڵ پێک ئەهات کە بە هەر ماڵێ ئەوترا خێڵ خانە و، مرۆڤێ دەبو بە سەرپەرست وە چاودێری هەمویان کە پێ‌ی ئەوترا سەرخێڵ، جار بە جاریش خێڵ خانەێ لە بەر پشت گوێ خستنی یاسای دامەزراوی خۆیان ئەکەوتە بەر تورەبۆنی سەرخێڵ وە لە شوێنیکەدا بە جێ‌ی دەهێلان هەتا کە گەراونەتەوە

جەورەکەی سەرئێڵ، خەم بێ‌شومارەن
خێڵ خانم بەر پێچ تا خێڵ ئەوخوارەن: ل ـ ۴۲۰

مامۆستا مەولەوی خەمی بێ حەساوی خۆی وەک جەوری سەرخێڵ پیشان ئەداکە لە پێچ و دۆڵی هەوارانا لە بەر تورەبۆنی چاودێریکەر بە جێیان هێشتووە، وە چاوەروانە هەتا کە سەرخێڵ یان «سەرئێڵ» هەڵ گەرێتەوە وە لە تاوانەکەی خۆش بێو لەگەڵ خۆیا بی‌باتەوە هەتا کە دەنگی سەر قەتارەی کۆچەرەکان دێتە گوێیو خۆشحاڵیِ خۆی بەم لەونە دەر ئەبرێ

نەوای کەژاوەی لەیلی نازانەن
سەرەتای تەڵمیت شیرین رازانەن:ـ ل ۴۱۶

کەژاوە وە تەڵمیت دوو کەرەسەی کۆنن وە لە سەر پشتی وڵاخ بۆ دانیشتن هەر کام بە جۆرێ ساز ئەکرێن کە پێویستیان بە لێکوڵینەوەی تایبەتی هەیە. ئەو جار مامۆستای نەمر بارو بنەی خۆی بەم لەونە ئەپێچێتەوە

وە بەند دوباڵ مەینەت جگەر بۆ رازە تاتای جولانان یەکسەر
قەیاسەی قایش پۆسەکەی‌جەستەم حەڵقەی چەڵمە پێشەی شکستەم: ل ـ ۵۰۱

لەم دو بەیتەدا باسی چەن کەرەسەی دیکەمان بۆ ئەکا وەک «بەند دو باڵ» کە ئەو

دو تاڵە بەنەیٚ پیکەوە با ئەدریٚ بۆ دورینەوە وەیان «جولاٚنە» یا جواڵە وە یان هۆڕ ئەو کەرەسەیە کە ئەسپابی تیٚ ئەخریٚ و بۆ جیٚبەجیٚ کردن لە سەر پشتی وڵاخ کەڵکی لیٚ وەرئەگیرا «قەیاسە وە هەڵقەی چەڵەمە» بەو گوریسەی دەوترا کە چەڵەمەی چیٚوین وە یان هەڵقەیٚ ئاسنینی بە سەرەوەیە کە بۆ بەستنی بار کەڵکی لیٚ وەرئەگیرا.

## بەشی دۆم زەماوند

با ئەوەیش بزانین کە مامۆستای نەمر ئەویندارێکی ڕاستەقینەی کە لە پوری کوردەواریە کە دابونەریٚتی ئەو گەلەی لا زۆر گرنگ بووە وە ئەو کاتە خۆی بە بەختەوەر زانیوە کە لە نیٚو شادیو زەماوەندی هۆزەکەیا بەشداری کردووە وە هەر وەکو لاویٚکی تازەپیٚ‌گەیشتو بەلاٚم لە ڕوانگایەکی کەوە تەواشا ئەکاو کە چاوی ئەکەویٚ بە لارەی قەتارەی لاوانو شریخەی خشڵو ترپەی پەنجەی کەوشو کریٚشمەی عیٚشوەی شەدەلاران وەشاباش کردنو سەمای دەسمالاٚن ئەدا بە پاڵی سۆزی دەرون پڕئیٚشاناو دەڵیٚ:

سەمای دەسمالاٚن ڕەمایﻨەوهالاٚن
نەمای مەلالاٚن نمای وەش حالاٚن: ل ـ ۴۱۴
لارەی قەتاران لاو شەدە لاران
ئیشارەی کەم‌کەم پەنجەو شاران: ل ـ ۴۱۲
سەدای لاوهەی‌لاو زرەی زەڕ زەنجیر
سڵسڵەو بانی‌سەر بەند زریٚو لاگیر: ۴۱۱

ئەوەی کە لیٚرەدا مەبەستی ئیٚمەیە ئەو شتانەن کە مامۆستا مەولەوی ناوی بردوون کە هەرکام لە کاتی خۆیا نمونەیەکی جوانی بوون وەک سڵسڵەو بانی سەر ـ بەندزریٚو لاگیر ـ زەڕ زەنجیر وە یان قەتارەی لاوانو سەمای دەسماڵی

سەرچۆپی کێش وە زۆرها شتی کەی وەک ـ گوارەو زەرکلاو ـ پامورەو خرخاڵ ـ خشڵی نیمە رەنگ ـ شەدەو فۆتەی شورو زەنگڵەی زەزمان بۆ ناو ئەبا کە ئەگەر بمانەوێ بۆ هەرکام لەوانە وێنەێ لە شێرەکانی بڵێین بە واتەی مەولەوی. مەسنەوی ٧٠ مەنە وە لە کاتی گەرمەی هەڵپەرکێدا ئەو شتانەمان ئەخاتە بەر چاو کە خەم رەۆنین‌و دەبنە هۆی شادی لە نێو زەماوندا.

زرنگـــەی ســـەدای ســـازجـــە ریشـــەی‌ئازام

کـــەمانچە دەســـتور مـاوەرو مـەقام: ل ـ ٢٤٣

گـــــرمەی نـــــقارەو لرفـــــەی شـــــەروالان

خشپەی پامورەو زرنگەی خرخـالان: ل ـ ٣٩٤

وەلە کاتی بوک هێنانا هاوارێ لە دەنگ‌خۆشان ئەکا وە داوای گورانی دیلانەیان لێ ئەکا کە یەکێ لە مقامە کۆنەکانە لە ناوچەی هەورامانا وە لە کاتی بوک هێنانا دەوترا

جـــە تـــەنخوای نـــەی بـــەزم خـــەم‌وەیلانەوە

هۆردە ئەی چەند فەرد وە دیلانەوە: ل ـ ٢٧٦

## بەشی سی‌هەم ـ شیوەن وگریان:

پاش دیتنی ئەوانە بە ئاورێ وریامان ئەکاتەوە کە هۆشمان لە سەر خۆبێ هەر شادیو زەماوەندێ شیوەنی وا بە دوایەوە وە لەگەڵ خۆیا بەرەو چەمەریانەێ رامان ئەکێشێ.

داخـــۆم دوی دوری کـــێش هـا نـە سـەردا

دیسان من مەدۆ وە رِوی چەمەردا: ل ـ ٢٠٠

چەمەری یان چەمەریانە جۆرە شینو زاریێ بووە کە لە برێ شوێنی کوردستانا بۆ گەورە پیاوان وە یان ناوداران ئەگێرا، وە لە نێو گەرمەی چەمەریانەدا رِوئەکاتە نیشتمان پەروەرانو ـ دەڵێ:

تۆ پەی نیشتمان من پەی سەودای تـۆ

هەر دو بنالین وە گریەو ڕۆ ڕۆ: ـ ل ۴۱۰

ڕۆ ڕۆیان هەی‌ڕۆ ئەویش جۆرە شیوەنێک بووە لەکاتی خۆیا: وە هەر لەو کاتەدا چاوێ ئەگێڕێ بە نێو سپای شورش گێڕانا وە تاس‌کڵاوی سەرکەردەی بە بەرچاو ناکەوێ ـ دەڵێ:

مەیدان نەدیدەی سوپایی تارەن شۆڵەی تاس‌کڵاو تۆ نە پـێوارەن

تاس‌کڵاو: ئەو کڵاوەی کە لەکاتی شەڕدا لە سەریان ئەکرد.

وە لە شوێنێ کی دیکەدا دەڵێ:

بـــــێ‌نازەن ئــــەسپاب‌ئەسب‌وسواریت

بێ کەییفەن ئەساس خاسەی شکاریت: ل ـ ۸۰

پـــەنهانەن ســـێمای سـیمین وارەکــەت

شــێوی کـــۆتەڵەن یـــادگارەکــەت: ۸۰

لەو دو بەیتەدا باسی ئەسب‌و سواریو کۆتەڵەمان بۆ ئەکا کە پـێوەندیێکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە، لە ڕابردو وە لەو کاتەدا کە چاودێری کەری هۆزو خێڵی وە یان سوارچاک وە ناوداری دەمرد وە یان دەکـوژرا کـەرەسەو جـلوبەرگەکـەیان دەخستە سەر زینی ئەسپێ وە دەیان گێڕا بە نێوی هۆزەکەیا وە چەمەریانەیان بۆ ئەگرت کە شێوەی گێڕانەکە پێ‌ی دەوترا کوتەڵە یان ئالایۆ کۆتەڵ گێڕان وە هاوارو شیوەنو گریانەکەیش پێ‌ی ئەوترا چەمەریانە وە لە نێو گەرمەی چەمەریانەدا دەڵێ:

کــورەی دڵ گــەرمەی جــوش‌سەختشەن

پەی فێنکی دڵ شیوەن وەختشەن: ل ـ ۴۴۳

شێوەنیش جۆرە گریانێکە لەکاتی چەمەریانەدا کە ئەبێتە هۆی خاڵی بونی دڵ. وە لەو کاتەدا شیوەن دەس پێ ئەکا بەیت‌و بـالۆرە بـێژان دەنگـی خـۆیان بـەرز

ئەکەنەوە وە هاوار ئەکەن.

تـــــەڵمیت ســـیاپۆش بـــێ تـــۆرۆ لـــەرۆ

خاتوونان بێ هوش بێ‌تۆ رۆڵەرۆ: ل ـ ١٠١

پاش گێرانی چەمەریو شیوەنو هەی‌رۆ بەهاواری وریامان ئەکاتەوەکە هۆشمان لە سەر خۆبێ، مردن بە رواڵت رێی لە ناو چۆنی هەموانە، ئەوانەی هەرگیز نامرن کە روناکی‌یە بۆ خۆیان وە یا پاش خۆیان بە جێ ئەهێڵن، بۆیە دەڵێ:

چـــــوڵەچراوی پـــــەرێ وێت ســـاز دەر

وە قەد تەواناى وێت باربەندی‌کەر: ل ـ ٢١٤

لەم بەیتەدا باسی چوڵەچرامان بۆ ئەکا، لەکاتی خۆیا دارێ‌کی تەڕیان ئەهێنا وە باش ئەیان کوتا هەتاکە ڕیشوڵ ڕیشوڵ ئەبو پاشان بۆ روناکی شەوان کەڵکیان لێ وەر ئەگرت کە پێ‌ی ئەوارا چێوەچرا یان چوڵەچرا وە یان چراوکە.

## (بەشی چوارەم سازو مەی)

پاش ئەوەی مامۆستای ناو براو ئاورێ لە خۆێ ئەداتەوە وە شنانێکی تایبەتیش بۆ ئیمە ناو ئەبا

مـــــەعدومی غـــــەفڵەت تـــا چـــەندوپەی‌چی

گوش دەر وە ناڵەی سەحەری نەی‌چی: ل ـ ٤٧٥

لێرەدا مامۆستا ناوی یەکێ لە مقامەکانی شمشاڵ بە نێوی سەحەری لەگـەڵ نەی‌چی وە یان شمشاڵ‌ژەن دەخاتە بەر چاوکە لەکۆنترین مقامەکانی شمشاڵە وە ئەمرویش دەورێکی باش لە نێو شمشاڵ‌ژەنەکاندا ئەگێرێ وە هەر لەوکاتەداکە بە نەوای سەحەری سەرخۆشمان ئەکا وە بەرەو پیری مەیخانەیش‌مان ئەباو دەڵێ:

ســاقی ســا دەخـیل جـامێ مـەی وە کـەف

دەروێش ئامانەن کەفێ‌نەروی دەف :ل‌ـ١٨١

دەف و نەی و مەی ئەگەر لە روانگایەکی عارفانەوە تەواشایان بکرێ پێوەندیێکی نزێکیان پێکەوە هەیە وە هەروەها لە نێو شێعرەکانی مامۆستا مەولەویش‌دا دەورێکی تایبەتی ئەگێڕن بۆ وێنە.

بێ ئەمری فەرمان ئازیز تاوەکەی

ها دەروێش نەی‌چی مەی‌چی دەف مەی‌نەی: ل-۳۱۹

کە نەوای نەی‌و دەنگی دەف‌و گەرمی مەی تێکەڵ ئەبێ وەها ئاگرێ لە نێو دەرونی بەر ئەداکە هاوار ئەکاتە میرئاوی سەرجۆی بادەو دەڵێ:

حەیفەن تۆ میرئاو سەر جۆی بادە بێ

وە هەر کەس بە قەد کەفاف دادە بێ: ل - ۱۸۱

میرئاو ئەوکەسەیەکە ئاو دابەش ئەکا بە سەر کشت‌وکاڵ وە یان باخو باخات‌دا پاش ئەوەی کە دڵو دەرونی بە ئاوی میرئاو دائەمرکێ ناونیشانی کۆشکو عەمارەتێکمان پێ ئەداکە لە بەرا بەری ڕوداوەکانی مێژودا هەرگیز نارۆخێ.

عەمارەتێوەن بێناش باقی بۆ

ئاو مەی خاک دوردی بەناش‌ساقی بۆ: ل - ۲۹۳

پاش دیتنی ئەو کۆشکە بەرەولایکی کەمان ڕا ئەکێشێ وە ناونیشانی کەلاوە کۆنەیەکمان پێ ئەداکە لە سوچی چۆم وەیان جۆگەیکدا جاربەجار هاوارێکی لێ هەڵ ئەسێ.

سەدای ئاسیاوچی مەێو پەیا پەی

ئاساو خاڵیەن نۆبەتەن سادەی: ل -۱۷۹

لێرەدا باسی ئاشی ئاوی‌و ئاشەوانمان بۆ ئەکاکە یەکێ لەکۆنترین کەرەسەکانی هاڕینی دانەوێڵە.بووە لە،کوردستانا وە هاواری ئاشەوانی گەردونیشمان ئەخاتەوە بیرکە نۆبەی ئێمەش کەوتووە.

## بەشی پێنجەم. چەن وینەی تایبەتی

وەک شـــەماڵەی نـــور گـــرگ ڕانـــەمەن

پەی پاس ماران زەنگ زڕانەمەن:ل ـ ۱۸۷

زەنگ‌زڕران کە یەکێ لە داب‌و ڕەوشتە کۆنەکانی نێو کوردەوارینە وە لەو کاتەدا کەسێ مار ئەی‌گەست تەرواڵەیان لە لوێکیان بۆ ئەبەست وە چەن دانە زنگوڵەیان لێ هەڵ دەواسی هەتاکە مار نەی‌گەسیەتەوە وە ئەو جۆرە فرمانەیش پێ‌ی ئەوترا پاسی‌ماران یان زەنگ‌زڕان وەیان دەڵێ:

هـــەرچـــی بـــوینۆن شـــێوەی تـــۆ پـــێشەن

دڵ وە هەتیتەی حەسرەت تاکێشەن: ل ـ ۲۳۵

هەتیتە ئەو تەختەو دارەی کە دەی‌بەسن بە شکیامانەوە وە توند دای‌ئـەپێچن هەتاکە ئێسقانی شکیامان خۆی بگرێ‌تەوە وە ئەم ڕەوشتە ئەمرویش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانا لە بەر نەبۆنی دوکتور وە دەرمانگە هەر بەو شێوەی شکیامان تەداوی ئەکرێ وە یان لە شوێنێکی کەدا دەڵێ:

ڕەوان جە هـەرس وە سـەد قـەترەودەو

تاوە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو: ل ـ ۱۵۳

مەکۆگە ئەو شوێنەی کە جۆڵا داری کەرەسەی دروس کردنی مەوج‌و جاجمو مازڵوخو جواڵەی لێ هەڵدەباسێ وە خەریکی ئیش کردن ئەبێ. وە هەروەها ناوی شتانی‌تری زۆر وەک ساج ـ سەماوەر ـ تەزبێح ـ دیك یان قازان ـ فتێلە ـ لەتەر یان تەشی ـ قەڵاو بورجی ئاگاداری و چەن‌ها شتی‌کەمان بۆ ئـاو ئـەبا کـە هـەمویان جێگای سرنج وە لێکوڵینەوەی تایبەتین جێ‌ی خۆیەتی بە تێی‌هەڵ کێشێ لە سەر پارچە شێعرەکی مامۆستا مەولەوی کۆتاهی بە وتارەکەم بهێنم

جە شـەوق بـاڵاش دیـدەی نـم دیـدە بـایێ خـەمش وەردا مـوژەی‌چەسپیدە

پەی وەسڵت هـەردەم واجـو نـازدیدە    وەش ئامای وە خەێر هەی بەرگوزیدە
بۆ نەجای مەردوم جاگیرنە دیدە

هێجران کەردە بێ دڵ یانەی‌خەمان    شفای دەردزار وە لای تـۆن ئـەمان
باوەرە پەی چـەم سـۆما بـەردەمان    خەێڵێن بینایی جـە دیـدەم ڕەمـان
بەڵ سوڵمشان بۆ بینایی‌و چەمان

بە ئامات شـادی بـاروەستەن جـەدڵ    کەیف وەشەن دەمێ گاهێ بـۆ کسـڵ
ئەر واچـۆ وەلات ئـەی راز مـوشکڵ    ساقی تەرس دەرد دوری جەمین‌گوڵ
وەسڵم جی کەردەن وەژار قاتڵ

جامێ جە ئەو مەی بێدار کەرۆ مەست    دەخیل باوەرە جەو پـیاڵەی ئـەلەست
بەڵ ئـارام کـۆ بـۆ دڵـەی مـارانگست    هەر کاتێت زانا فەڵەک کەڵەک بـەست
دامنەی‌کەی وەسڵم بەرداوە جە دەست

نەی بەزم‌و ساڵ‌های ساقی فـریاد    هانە کەمیندا فەسڵش چون سـیاد
وەو بادەی پڕ مەیل باوەرەم وە یاد    سادەی وە جامێ دڵم بکـەر شـاد
بەڵکۆ بۆ یارو بەزمی وەی ئازاد

جەو تاریکە شەو تـا کـو تـەنیایی    بێگانە جە یار «سمکۆ»ی جییایی
چەمەڕای شەفەق ئاسۆی بـینایی    جە دەس بـێگانان یـاون رەهـایی
مەس‌بون وە شنۆی مەی ئاشنایی

**والسلام علیکم و رحمةالله و برکاته**

**پاوه ـ ۷۱/۱/۳۱**